ئەگەر بەندەکەم (هێندەی) بستێک لە من نزیک بێتەوە؛ ئەوا من (هێندەی) باڵێک لێی نزیک دەبمەوە، وئەگەر (هێندەی) باڵێک لێم نزیک بێتەوە؛ ئەوا من (هێندەی) دوو باڵ لێی نزیک دەبمەوە، وئەگەر بە ڕێ کردن بۆ لای من بێت؛ ئەوا من بە هەروەلە بۆ لای ئەو دێم

لە ئەنەسی کوڕی مالیک وئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە پەروەردگاریەوە دەیگێڕێتەوە کە (پەروەردگار) دەفەرموێت: «ئەگەر بەندەکەم (هێندەی) بستێک لە من نزیک بێتەوە؛ ئەوا من (هێندەی) باڵێک لێی نزیک دەبمەوە، وئەگەر (هێندەی) باڵێک لێم نزیک بێتەوە؛ ئەوا من (هێندەی) دوو باڵ لێی نزیک دەبمەوە، وئەگەر بە ڕێ کردن بۆ لای من بێت؛ ئەوا من بە هەروەلە* بۆ لای ئەو دێم». *(هەروەلە: جۆرێکە لە ڕاکردن -بەڵام بە شێوەیەکی مامناوەند نە ڕێکردن ونە ڕاکردنی خێرایە-)

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەرکەسێک لە خوای گەورە نزیک بێتەوە بە ئەنجامدانی پەرستنەکان ئەگەرچیش کەم بێت؛ ئەوا خوای گەورە پاداشتی ئەم کردەوەیەی بۆ چەندجار دەکات ئەمیش وەکو فەزڵ وبەخشین وڕێزلێنانێک لە لایەن خوای گەورە بۆ ئەو کەسە، وهەرچەندە مرۆڤ زیاتر پەرستن ئەنجامبدات؛ خوای گەورە زیاتر پاداشتی دەداتەوە وفەزڵ وڕەحمەتی خێراتر بۆ ئەو بەندەیە دێت، ئەمیش لەسەر بنەمای ئەوەی ئەم فەرموودەیە لەو فەرموودانە نییە کە وەسفی سیفەتەکانی خوای گەورە بکات؛ بەو تێڕوانینەی ئەهلی سونە وجەماعەت لەسەرین لە دووپاتکردنەوە لە بوونی سیفەتەکانی خوای گەورە، ولە نێویاندا: ئیبن تەیمیە، بەڵام کۆمەڵێکی تر لە زانایان دەڵێن سیفەتی (بە خێرا هاتن:هەروەلە:الهرولة) سیفەتێکی خوای گەورەیە بە بێ قوولبوونەوە لە چۆنیەتی ئەم سیفەتە هەورەکو سیفەتەکانی تر. *(هەروەلە: جۆرێکە لە ڕاکردن -بەڵام بە شێوەیەکی مامناوەند نە ڕێکردن ونە ڕاکردنی خێرایە-)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6461

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee